وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی پۆلیتەکنیک هەولێر
کۆلێژی تەکنیکی کارگێری
بەشی کارگێری کار

ناونیشانی توێژینەوە:

## کاریگەری بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی لەسەر ئەدای ڕێکخراو لە کەرتی حکومی

## توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەسەر بیروبۆچوونی هەندێک لە فەرمانبەرانی لە شاری هەولێر

توێژینەوە پێشکەش بە لێژنەی بەشی کارگێری کار زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر دەکرێت وەک بەشێک لە پێداویستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی باکالیۆرۆس لە تەکنیکی کارگێری کار

ئامادەکردنی قوتابیان :

إيمان نورالدين سيف الدين　　هیلین صلاح عزيز　　هدى هادي صالح

بەسەرپەرشتی :

م.باريزة بديع محمدامين

٢٠٢٤زاینی　　٢٧٢٣کوردی　　١٤٤٤کۆچی

﴿ بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴾

فَتَعَـٰلَى ٱللَّهُ ٱلْمَلِكُ ٱلْحَقُّ ۗ وَلَا تَعْجَلْ بِٱلْقُرْءَانِ مِن قَبْلِ أَن يُقْضَىٰٓ إِلَيْكَ وَحْيُهُۥ ۖ وَقُل رَّبِّ زِدْنِى عِلْمًا ( ١١٤ )

صَدَقَ اللهُ العظيمُ

(سورة طه )(١١٤)

# بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەو توێژینەوەیە کە ئامادەکراوە پەسندی دەکەم (کاریگەری بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی لەسەر ئەدای ڕێکخراو لە کەرتی حکومی) وە ئەمە بەشێکە لە داواکاری بەدەستهێنانی بروانامەی بەکالیۆرۆس لە زانستی کارگێری کار.

سەرپەرشتیاری توێژینەوە:

م.باريزة بديع محمدأمين

بەروار: ٥ / ٥ / ٢٠٢٤

## بریاری لێژنە

ئێمە وەکو ئەندامانی لێژنەی گفتوگۆ ناوەرۆکی توێژینەوەکەمان بینیوە (کاریگەری بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی لەسەر ئەدای ڕێکخراو لە کەرتی حکومی) وە وە گفتوگۆمان لەسەر ناوەرۆکەکە کرد بریارماندا کەوا ئەم بابەتە پەسند بکرێت بۆ بەدەستهێنانی بروانامەی بەکالیۆرۆس لە زانستی کارگێری کار.

سەرۆکی لیژنە: ئەندام: ئەندام:

**پەسند کردنی لێژنەی گفتوگۆ لە بەشی کارگێری کار**

پەسندکرا لەلایەن بەرێوبەرایەتی بەشی تەکنیکی کارگێری کار /زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر لەسەر بریاری لێژنەی گفتوگۆ

د.شێرزاد مهدی سورچی

سەرۆک بەش

بەروار: ٥ / ٥ / ٢٠٢٤

# پێشکەشە

ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ:

هەموو خوێندکارێک هەوڵ دەدات زانست و زانیاری بەدەست بهێنێت هاوسەنگی زانستی خۆی و کلتوری دابین بکات،ئێمەش دەمانەوێ لەم زانیاریە بەسودانە بەدەست بهێنین و باشترین پێشکەش بە وڵات وخەڵکەکەی بکەین .

مامۆستایان کە تاریکی ژیانیان بۆ روناک کردینەوە رێگای چاکەیان نیشان داین وە توێژەرانیش بەدوای ئەم روناکیەوە دەگەرێن.

توێژەران :

إيمان نورالدين سيف الدين

هيلين صلاح عزيز

هدى هادي صالح

## سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ خوای باڵا دەست و بە توانا کە ئارامی و تەندروستی و ئەو نیعمە تانە ی پێبەخشیوین.

وە پێشەکی سوپاسی مامۆستا و سەرپەرشتیارمان دەکەین (م. باریزة بديع محمدأمين ) سوپاسیدەکەن بۆ سەرپەرشتیکردنی توێژینەوەکەمان کە هاوکاریکردین لە تەواوی توێژینەوەکەمان .

وە دواتر سوپاسی خۆمان ئاراستەی سەرۆک بەشی کارگێری کار دەکەین بەرێز ( د.شێرزاد مهدی سورچی).

وە سوپاسی هەموو مامۆستایان و فەرمانبەران دەکەین کە تا رادەیەک هاوکارمانبوون لە ماوەی ئەنجامدانی توێژینەوە .

ئێمە هەموو ئەوانە دەنرخێنین کەوا هاوکاریانکردوین ئەگەر بە وشەیەکیش بوبێت ...........

توێژەران :

إيمان نورالدين سيف الدين

هيلين صلاح عزيز

هدى هادي صالح

# پوختە

ئامانج لە توێژینەوەی رۆڵی بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی لەسەر ئەدای کارکردن لە رێکخراودا لە سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی ،لە پلانێکەوە دەست پێدەکات کە ئاراستەی پەیوەندی نێوان هەردوو گۆراوەکە و بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوە و وە تەواوکردنی پێداویستیەکەن لەبەرچاو دەگرێت ، توێژەران هەستان بە ئامادەکردنی چوارچێوەی تیۆری بەسوود وەرگرتن لە ئەدەب لەسەر بابەتەکە وە پەسندکردنی میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە و راپرسییەکان ٦٠ دانە دابەشکران بەسەر فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی و بیر و بۆچونی فەرمانبەران وەرگیرا تەنها ٥٣ دانە گەرایەوە بۆ شیکارکردن.

وە چەند بەرنامەیەکی ئاماری بەکارهێنراوە (SPSS-IBM v.28)(Excel 2016) لەم توێژینەوەیە بۆ شیکردنەوەی داتاکان و بەدەست هێنانی دەرئەنجام و گریمانەکان،گرینگترین دەرئەنجامەکەن کە بەدەستمان هێناوە لەم توێژینەوەیە بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی کاریگەری هەیە لەسەر ئەدای رێکخراو لە کەرتی حکومی لە سنووری توێژینەوە،بە پشت بەستن بە هەموو راپرسیەکانی فەرمانبەرەکانی سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی گەیشتینە ئەم دەرئەنجامە .



## Abstract

The aim of researching the role of e-management on the performance of the organization in the presidency of Erbil University of Medicine begins with a plan that takes into account the direction of the relationship between the two variables and the achievement of the research goal and the completion of the needs. Only 53 employees were returned to the analysis.

And a number of statistical programs used in this study to analyze data and obtain conclusions and assumptions are the most important conclusions we have obtained in this study. There is an effective relationship between electronic management and performance within the scope of research. Based on all surveys of the employees of the Presidency of Erbil University of Medicine، we reached this conclusion.



Keywords: Electronic Management ,Organization Performance, Government Organization.

# لیستی ناوەرۆک:


ئایەتی قورئان ........................................................................ آ
بڕیاری سەرپەرشتیار ........................................................................ب
بڕیاری لێژنە ........................................................................ت
پێشکەشە بە........................................................................ث
سوپاس و پێزانین ........................................................................ن
پوختە ........................................................................ج

**بەشی یەکەم ........................................................................ 11**
**تەوەری یەکەم/میتۆدی توێژینەوە و توێژینەوەی پێشوو........................................ 11**
. پێشەکی: ........................................................................ 11
گرینگی توێژینەوە: ........................................................................ 12
ئامانجی توێژینەوە: ........................................................................ 12
کێشەی توێژینەوە: ........................................................................ 12
گریمانەی توێژینەوە: ........................................................................ 12
سنووری توێژینەوە:........................................................................ 13
نمونەی توێژینەوە:........................................................................ 13
ڕەهەندەکانی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی:........................................................................ 13
ڕەهەندەکانی ئەدای کارکردن:........................................................................ 14
توێژینەوەی پێشووی عربي........................................................................ 14
توێژینەوەی پێشووی ئەجنەبی:........................................................................ 15

**بەشی دووەم/لایەنی تیۆری ........................................................................ 20**
پێشەکی: ........................................................................ 20
پێناسەی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی........................................................................ 20
گرینگی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی:........................................................................ 20
جۆرەکانی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی:........................................................................ 21
**تەوەری دووەم** :ئەدای کارکردن ........................................................................ 22
تێگەیشتن لە ئەدای کارکردن: ........................................................................ 22
پێناسەی ئەدای کارکردن: ........................................................................ 22
گرینگی و لایەنی باشی ئەدای کارکردن: ........................................................................ 22
جۆرەکانی ئەدای کارکردن: ........................................................................ 23

**بەشی سێیەم**........................................................................ 25
**تەوەری یەکەم: لایەنی زانستی**........................................................................ 25
یەکەم:هەڵبژاردنی جێگیری فۆرمی ڕاپرسی:........................................................................ 25
دووەم........................................................................ 26
تەوەری دووەم........................................................................ 26
پێناسەی سنووری توێژینەوە:........................................................................ 27
پێناسەی سنوری توێژینەوە:........................................................................ 27
1.دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی ڕەگەز: ........................................................................ 27
2.دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی تەمەن:........................................................................ 28
3.دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی ساڵی خزمەتکردن:........................................................................ 29
**تەوەری سێیەم:**........................................................................ 31
پێناسەی گۆراوەکانی توێژینەوە ........................................................................ 31
پێشەکی: ........................................................................ 31
یەکەم:-وەسفکردنی گۆراوەکان لە ڕەهەندی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی: ........................................................................ 31
دووەم :- وەسفکردنی گۆراوەکان لە ڕەهەندی ئەدای ڕێکخراو : ........................................................................ 33

تەوەری چوارەم ........................................................................................................ 35
هەڵبژاردنی مۆدێلی توێژینەوە و گریمانەکان ........................................................................ 35
پێشەکی : ............................................................................................................ 35
**تەوەری دووەم :** شیکردنەوەی کاریگەری نێوان گۆراوەکانی توێژینەوەکە ...................................... 36

**بەشی چوارەم** ......................................................................................................... 37
**تەوەری یەکەم:** دەرئەنجامەکان : ...................................................................................... 38
**تەوەری دووەم:** پێشنیارەکان: ....................................................................................... 39
فۆرمی راپرسی........................................................................................................41-42

**لیستی سەرچاوەکان:** ............................................................................................... 43

## لیستی ناوەرۆک /بۆ شێوەکان

**شێوەی( ١,١ ) ........................................................................................... 13**
**شێوەی (٢,٢ ) ........................................................................................... 21**
**شێوەی( ٣,٣ ) ........................................................................................... 23**

## لیستی ناوەرۆک /بۆ خشتەکان

**خشتەی ١_١ لە توێژینەوەی پێشوو........................................................................ 14**
**خشتەی ١_٢ لە توێژینەوەی.................................................................................. 14**
**خشتەی ١_٣ لە توێژینەوەی پێشوو......................................................................... 14**
**خشتەی ١_٤ لە توێژینەوەی پێشوو......................................................................... 15**
**خشتەی ١_٥ توێژینەوەی پێشوو ........................................................................... 15**
**خشتەی(١) هاوکۆڵکەی جێگیر(الفا کرونباخ) بۆ دەستەواژەی هەردووک گۆراوی توێژینەوە ........................ 25**
**خشتەی (٢)تاکەکان دابەش دەکات بەپێی رەگەز ................................................................ 27**
**خشتەی (٣) دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی تەمەن ........................................................ 28**
**خشتەی (٤) دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی ساڵی خزمەتکردن ........................................... 29**
**خشتەی (٥) دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی بروانامە و ناونیشانی زانستی..................................... 30**
**خشتەی(٦) دابەشکردنی دوبارەبوەکان ......................................................................... 32**
**خشتەی (٧) هاوکۆڵکەی پەیوەندی نێوان بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی و ئەدای کارکردن............................ 35**
**خشتەی (٨) شیکردنەوەی کاریگەری رەهەندی بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی توێژینەوە لەسەر ئەدای کارکردن .................. 36**

## بەشی یەکەم:لایەنی میتۆدی توێژینەوە و توێژینەوەی پێشوو

### تەوەری یە کە م :میتودی توێژینەوە

### تەوەری دووەم : توێژینەوەی پێشوو

# بەشی یەکەم

## تەوەری یەکەم/میتۆدی توێژینەوە و توێژینەوەی پێشوو

### 1.1. پێشەکی:

لەم چەند ساڵەی رابردوو جیهان گۆڕانکاری زۆری بەسەرداهات لە چەندەها لایەن بەرەو پێش چوو کە گرینگترینیان بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا بوو ئەم گۆڕانکاریانە وایکرد کە تەکنەلۆژیا ببێتە ئامرازێکی سەرەکی لە لای زۆرینەی دانیشتووان لە جیهان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا، بۆ نمونە لایەنی بەڕێوەبردن.

تەکنەلۆژیا کاریگەری هەبوو لەسەر رێکخراوەکان کە هەوڵ بدەن کارەکانیان بە شێوازی ئەلیکترۆنی بێت. بێگومان هەرێمی کوردستانیش بێبەش نەبوو لەم بیرۆکەیە زۆربەی ڕێکخراوە حکومیەکان ئێستا لە هەوڵی ئەوەدان کە واز لە شێوازی ڕۆتینی و تەقلیدی بهێنن کە وەرەقە بەکاردەهات بۆ جێبەجێکردنی کاروبارەکان وا دەیانەوێت کارە و بارەکان بکەن بە ئەلیکترۆنی واتا تەنها کار بە تەکنەلۆژیا بکەن،هەربۆیە پێمان باش بوو توێژینەوە ئامادە بکەین لەسەر ئەم دیاردەیە کە ئەویش بریتیە لە: (ئایە بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی کاریگەری هەیە لەسەر ئەدای رێکخراو لە کەرتی حکومی؟).

## 2.1. گرینگی توێژینەوە:

١.کەمکردنەوەی گەندەڵی و  کارکردن بە شەفافی لە رێکخراوە حکومییەکان و بەرزکردنەوەی ئەدای کارکرن .

٢.زیادبوونی دڵسۆزی فەرمانبەرەکانی بۆ کارەکانیان.

٣.دروستبوونی پەیوەندیەکی باش لە نێوان  تاک و فەرمانبەر لە رێکخراوە حکومییەکان لە رێگەی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی.

٤.کەمکردنەوەی  کارە رۆتینیەکان لە نێو رێکخراوە حکومییەکان.

## 3.1. کێشەی توێژینەوە:

لەگەڵ پەیدابوونی هەر بارودۆخێکی نوێ لە ژینگەی  دەرەوەی رێکخراوەکان وا لە رێکخراوەکان دەکات کە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیە لەگەڵ هەر گۆڕانکارییەک کە ڕودەدات چەند کێشە و پرسیار دێتە بوون کە بریتییە لە:

١.ئایە بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی سودی هەیە لەسەر ئەدای کارکرن لە رێکخراوە حکومیە کان؟

٢.ئایە بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی تا چ رادەیەک بەشداری دەکات لە بەرزکرنەوەی ئەدای کارکردن لە بەرژەوەندی رێکخراودا ؟

## 4.1. ئامانجی توێژینەوە:

١.هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی.ئەرشیفی  کاغەز بۆ سیستەمی ئەرشیفی ئەلیکترۆنی لە رێکخراوەحکومییەکان.

٢.جێبەجێکردنی کاروبارەکان بە شێوەیەکی خێرا و کاتێکی کەمتر لە لایەن فەرمانبەرەکانەوە.

٣.زیادکردنی توانای فەرمانبەرەکان بەهۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و سەردەمیانە.

## 5.1. گریمانەی توێژینەوە:

**گریمانەی یەکەم؛**بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی رۆڵی هەیە لەسە ئەدای کارکردن لە بەڕێوبەرایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی.

**گریمانەی دووەم؛** کردنەوەی خو ل و راهێنان بۆ باشتر کردنی توانای فەرمانبەران لە تەکنەلۆجیا بۆ بەرزکردنەوەی ئەدای کارکردنی فەرمانبەرەکان لە رێکخراو.

**گریمانەی سێیەم؛** دابینکردنی بودجە لە لایەن حکومەتەوە بۆ گۆڕینی شێوازی کۆن بۆ ئەلیکترۆنی بۆ بەدەست هێنانی بەرزکردنەوەی ئەدای کارکرن.


## 6.1.   سنووری توێژینەوە:

**سنووری کاتی** : ساڵی خوێندن ٢٠٢٣-٢٠٢٤.

**سنووری مرۆی**: فەرمانبەرەکانی سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی.

**سنووری شوێن**: سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی.

## 7.1.  نمونەی توێژینەوە:




ڕەهەندەکانی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی:

١.ژێرخانی تەکنەلۆژیا.

٢.ڕێکخستن و بەڕێوەبردن.

٣.زانیاری و بەڕێوەبردنی داتا.

٤.ئامانجی کارپێکردن و ستراتیژی.

ڕەهەندەکانی ئەدای کارکردن:

١.کارایی تاک.

٢.لێهاتوویی بە کۆمەڵ.

٣.چوستی بەڕێوەبردن.

٤.توانای تەکنەلۆژی.

**(شێوەی ١,١)**

**(سەرچاوە: لەلایان توێژەرانەوە)**

## 8.1.توێژینەوەی پێشووی عربي:

خشتەی ١_١ لە توێژینەوەی پێشوو ( **غيم مروان ٢٠٢١_٢٠٢٢**)

| | |
|---|---|
| **بابەتی توێژینەوە** | **الإدارة الإلكترونية و دورها في تحقيق الناجح التنظيمي _بحث التحليلي تطبيقي في المديرية العامة للتنمية الصناعية/العراق** |
| **ساڵی دروستکردنی توێژینەوە** | **٢٠١٨_٢٠١٩** |
| **شوێنی توێژینەوە** | **زانکۆی بابیلۆن_عێراق** |
| **کێشەی توێژینەوە** | **١_ئایە بەڕێوەبەرەکان تا چەند پێشبینیەکی ڕوونیان هەیە لەسەر جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی تاچەند لە پێکهاتەکان و سوود و داواکاری جێبەجێکردن تێدەگەن؟**<br>**٢_ئایە ئەو کاریگەرییە چەندە لە کاتی جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی لەسەر سەرکەوتنی ڕێکخراو؟** |
| **ئامانجی توێژینەوە** | **ئایە تاچەند بەریوە برنی ئە لیکترۆني رۆڵی هەیە لە سە ر سە رکە وتنی امە زراوە ی بە ریوبە رایە تی پەرەپیانی پیشە سازی؟** |
| **دەرئەنجامی توێژینەوە** | **لەرێگەی ئەو توێژینەوە چەند ئەنجامێکیان دەستکەوت لەوانە:**<br>**١_بەرزکردنەوەی ئەدای فەرمانبەرەکان لە بەڕێوبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی.**<br>**٢_تەرکیز لەسەر هۆشیاری و لێهاتوویی فەرمانبەرەکان و شارەزای لە ئەلیکترۆنی و بەرنامە ئەلیکترۆنیەکان** |

خشتەی ١_٢ لە توێژینەوەی پێشوو (د.بختيار احمد شريف ٢٠٢٢ )

| | |
|---|---|
| **بابەتی توێژینەوە** | **The impact of application of electronic management on the exchange students between the public universities of the Kurdistan region of Iraq** |
| **ساڵی دروستکردنی توێژینەوە** | **٢٠٢٢** |
| **شوێنی توێژینەوە** | **زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی** |
| **کێشەی توێژینەوە** | **. بەدەستهێنانی سوودی پێویست بۆ زانکۆکان لە کاتی جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی، لە کاتێکدا سوودی ئەو سوودانە پێوانە دەکات بە بەراورد لەگەڵ ئەو تێچووانەی کە پێویستە زانکۆکان هەڵیبگرن.** |
| **ئامانجی توێژینەوە** | **تا چەند بەریوەبردنی ئەڵیکترۆنی سودی هە یە لە سە ر خویندکاران لە زانکۆکان** |
| **دەرئەنجامی توێژینەوە** | **بوني پەیوەندي هاوبە ش لە نیوانیان دروست دەبیت** |

خشتەی ١_٣ لە توێژینەوەی پێشوو(م..م.م. رياض عواد هالج٢٠٢١)

| | |
|---|---|
| **بابەتی توێژینەوە** | **دور الإدارة الالكترونية في تحقيق النجاح الاستراتيجي : دراسة ميدانية في مديرية التربية في بغداد** |

| | |
|---|---|
| ساڵی دروستکردنی توێژینەوە | ٢٠٢١ |
| شوێنی توێژینەوە | بغداد |
| کێشەی توێژینەوە | ١_ئایە کارگێری باڵا تاچەند گرینگی دەدات لە جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی لە کارەکانی؟<br>٢_ئایە بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی کاریگەری هەیە لەسەر سەرکەوتنی ستراتیژی ڕێکخراو؟ |
| ئامانجی توێژینەوە | ئامانج بەکارهینانی بە ریوە بردنی ئە لیکترونی لە خویندنی باڵا |
| دەرئەنجامی توێژینەوە | لێکۆڵینەوەکە گەیشتە کۆمەڵێک ئەنجام، کە گرنگترینیان بوونی کاریگەرییەکی ئاماریی گرنگی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بوو لە سەرکەوتنی ستراتیژیدا،هە ندیك لایە نی خراپ کە م کردەوە وەک بەکارهێنانی کاغەز. |

## 9.1. توێژینەوەی پێشووی ئەجنەبی:

خشتەی ١_٤ لە توێژینەوەی پێشوو

( 2017. Khalid Adnan Bataineh)

| | |
|---|---|
| بابەتی توێژینەوە | **The impact of electronic management on the employee's performance field study on the public organizations and governance in Jerash governorate** |
| ساڵی دروستکردنی توێژینەوە | ٢٠١٧ |
| شوێنی توێژینەوە | ئوردن _ **Jordan University** |
| کێشەی توێژینەوە | ئایە پەیوەندی هەیە لە نیوان بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی و کارای فەرمانبەرەکان؟ |
| ئامانجی توێژینەوە | لێکۆڵینەوە بەمەبەستی زانینی کاریگەری بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی لەسەر کارای فەرمانبەرەکان |
| دەرئەنجامی توێژینەوە | لەئەنجامدا بۆیان دەرکەوت کە پێویستە بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی جێبەجێ بکرێت لە حکومەتی گشتی وە ئەنجامەکە پەیوەندیەکی پۆزەتیڤ و بەرچاو هەیە لە نێوان هەموو<br>ڕەهەندەکاندا هەیە بەتایبەت بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی **(electronic management )** وە کارایی فەرمانبەرەکان( **employee's performance)** . |

خشتەی ١_٥ توێژینەوەی پێشوو

(2014 Abdelrazaq Salem F Alrahahle)

| | |
|---|---|
| بابەتی توێژینەوە | **The impact of e-management and the role of human resource development in improving the performance of the organization** |
| ساڵی دروستکردنی توێژینەوە | ٢٠١٤ |
| شوێنی توێژینەوە | عمان |
| کێشەی توێژینەوە | کاریگەری ناوەرۆکی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی لەسەر سەرچاوە مرۆییەکان و بەرەوپێشچوونی سەرچاوە مرۆییەکان لە باکی جۆردانیان لە عمان |

| | |
|---|---|
| **ئامانجی توێژینەوە** | **ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە دیاریکردنی کاریگەری ناوەڕۆکی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بوو لەسەر ئەنجامدانی بانکە بازرگانییەکان، بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی لەسەر پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان.** |
| **دەرئەنجامی توێژینەوە** | **دەرئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەخاتەروو، توێژەر پێشنیاری ئەوەی کردووە کە پێویستە هاندانی بەکارهێنانی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی مۆدێرن لە چالاکییەکانی بانکەکان لە داهاتوودا بکرێت.** |

(خشتەی ١-٦ بەراوردی توێژینەوەی پێشوو و توێژینەوەی ئێستا )

| **تویژینەوەکان** | **توێژینەوەی پێشوو ١** | **توێژینەوەی پێشوو ٢** | **توێژینەوەی پێشوو ٣** | **توێژینەوەی پێشوو ٤** | **توێژینەوەی پێشوو ٥** | **توێژینەوەی ئێستا** |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **بابەتی توێژینەوە** | الإدارة الإلكترونية و دورها في تحقيق الناجح التنظيمي_ بحث التحليلي تطبيقي في المديرية العامة للتنمية الصناعية/العراق | The impact of application of electronic management on the exchange students between the public universities of the Kurdistan region of Iraq | دور الإدارة الالكترونية في تحقيق النجاح الاستراتيجي : دراسة ميدانية في مديرية التربية في بغداد | The impact of electronic management on the employee's performance field study on the public organizations and governance in Jerash governorate | The impact of e-management and the role of human resource development in improving the performance of the organization | **ڕۆڵی بەڕیوەبردنی ئەلیکترۆنی لەسەر ئەدای کارکردن لە ڕێکخراوە حکومییەکان توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەسەر بیرو بۆچوونی هەنێک لە فەرمانبەرانی شاری هەولێر** |
| **ساڵی توێژینەوە** | ٢٠١٨_٢٠١٩ | ٢٠٢٢ | ٢٠٢١ | ٢٠١٧ | ٢٠١٤ | **٢٠٢٤** |
| **شوێنی توێژینەوە** | زانکۆی بابیلۆن _عێراق | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی | بغداد | Jordan University _ ئوردن | عمان | **هەولێر** |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **کێشەی توێژینەوە** | ئایە بەڕێوەبەرەکان تا چەند پێشبینیەکی ڕوونیان هەیە لەسەر جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی تاچەند لە پێکهاتەکان و سوود و داواکاری جێبەجێکردن تێدەگەن؟ | بەدەستهێنانی سوودی پێویست بۆ زانکۆکان لە کاتی جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی، لە کاتێکدا سوودی ئەو سوودانە پێوانە دەکات بە بەراورد لەگەڵ ئەو تێچووانەی کە پێویستە زانکۆکان هەڵیبگرن. | ئایە کارگێڕی باڵا تاچەند گرینگی دەدات لە جێبەجێکردنی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی لە کارەکانی؟ | ئایە پەیوەندی هەیە لە نێوان بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی و کارای فەرمانبەرەکان؟ | کاریگەری ناوەڕۆکی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی لەسەر سەرچاوە مرۆییەکان و بەرەوپێشچوونی سەرچاوە مرۆییەکان لە باکی جۆردانیان لە عمان | **ئایە بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی سودی هەیە بۆ بەرزکردنەوەی ئەدای کارکردن لە ڕێکخراوە حکومییە کان ؟** |
| **ئامانجی توێژینەوە** | ئایە تاچەند بەریوە برنی ئە لیکترۆني رۆڵی هەیە لە سە ر سە رکە وتنی امە زراوە ی بە ریوبە رایە تی پەرەپیانی پیشە سازی | تا چەند بەریوەبردنی ئەلیکترۆنی سودی هە یە لە سە ر خویندکاران لە زانکۆکان | ئامانج بەکار هینانی بە ریوە بردنی ئە لیکترونی لە خویندنی بالأ | لێکۆڵینەوە بەمەبەستی زانینی کاریگەری بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی لەسەر کارای فەرمانبەرەکان | ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە دیاریکردنی کاریگەری ناوەڕۆکی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بوو لەسەر ئەنجامدانی بانکە بازرگانییەکان، بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی لەسەر پەرەپێدانی سەرچاوە مرۆییەکان. | **-زیادکردنی توانای فەرمانبەرەکان بەهۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ و سەردەمیانە.** |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **دەرئەنجامی توێژینەوە** | بەرزکردنەوە ی ئەدای فەرمانبەرەکان لە بەڕێوبەرایەتی گشتی گەشەپێدانی پیشەسازی. | بوني پەيوەندي هاوبە ش لە نیوانیان دروست دەبیت | لێکۆڵینەوەکە گەیشتە کۆمەڵێک ئەنجام، کە گرنگترینیان بوونی کاریگەرییە کی ئاماریی گرنگی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بوو لە سەرکەوتنی ستراتیژیدا،ە ە ندیك لایە نی خراپ کە م کردەوە وەک بەکارهێنانی کاغەز | لەئەنجامدا بۆیان دەرکەوت کە پێویستە بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی جێبەجێ بکرێت لە حکومەتی گشتی وە ئەنجامەکە پەیوەندیەکی پۆزەتیڤ و بەرچاو هەیە لە نێوان هەموو (رەهەندەکاندا هەیە بەتایبەت بەڕێوەبردنی (ئەلیکترۆنی) کارایی (فەرمانبەرەکان) | دەرئەنجامی توێژینەوەکە ئەوە دەخاتەروو، توێژەر پێشنیاری ئەوەی کردووە کە پێویستە هاندانی بەکارهێنانی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی مۆدێرن لە چالاکییەکانی بانکەکان لە داهاتوودا بکرێت. | **دەرئەنجام توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کەوا پەیوەندیەکی کاریگەر هەیە لە نێوان بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی و ئەدای کارکردن.** |

## بەشی دووەم:لایە نی تیۆری بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی و ئەدای کارکردن

### تەوەری یە کە م : بە رێوەبردنی ئە لیکترونی

### تەوەری دووەم :ئەدای کارکردن

## بەشی دووەم/لایەنی تیۆری

### 1.2. پێشەکی:

لەم وەرزەدا لایەنی تیۆری توێژینەوەکەمان دەخەینەروو کە تێیدا باس لە هەردوو گۆراوی بابەتەکەمان دەکەین بە شێوەی ئەدەبی لە ماوەی بەشی داهاتوو،وە سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی یەکێکە لە دامەزراوە کۆنەکان لە شاری هەولێر لە کوردستان، خزمەتگوزاری خوێندن پێشکەش بە قوتابیانی کورد و عەرەب و نەتەوەکانی تر دەکات،کە (سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی) لە (ساڵی ٢٠٠٦) دامەزراوە,شێوازی خوێندنی بەیانیان و ئێوارانی هەیە بۆ قوتابیان، کە لەماوەی ساڵانی رابردوو زۆر خزمەتگوزاری گرینگی پێشکەش بە قوتابیان کردووە، لە ماوەی توێژینەوەکەمان سودمەند بووین بە هاوکاری ئەم دامەزراوەیە.

### تەوەری یەکەم: بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی:

### 2.2. پێناسەی بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی:

دەربارەی چەمکی ئەلیکترۆنی "دەڵێت پرۆسەیەکی ئۆتۆماتیککردنی هەموو ئەرک و چاڵاکیەکانی دامەزراوەییە کە پشت بە تەکنەلۆجیای زانیاری پێویست دەبەستێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەرێوبردنی نوێ کە ئامانجەکە بریتیە لە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کاغەز و سادەکردنی رێ و شوێنەکان و نەهێشتنی رۆتین و تەواوکردنی ئەرک و مامەڵەکان بەشێوەیەکی خێرا و ورد"(السالمي ،2005: 233).

وە دەتوانرێ بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی بەم شێوەیەش پێناسە بکرێت"بەکارهێنانی سیستەمی تەکنەلۆجیای زانیاری پێشکەوتوو بە باشترکردنی رۆڵی بەرێوەبردنی ستراتیجی دامەزراوەکە و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەدای دامەزراوە" **(Edenies, 2003).**

هەروەها "بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی پرۆسەی بەرێوەبردنە لەسەر بنەمای توانا جیاوازەکانی ئینتەرنێت و تۆرەکانی بازرگانی لە ئاراستەکردن و توانا بنچینەیەکانی رێکخراوەکە بەبێ سنوور بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان" (نجم ،٢٠٠٤،ص١٢٧).

### 3.2. گرینگی بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی:

**بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی چەند گرینگیەکی هەیە کە خۆی لەم چەند خاڵە دەبینێتەوە:**

١ . ئاسانکاری لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری.
٢. ئاسانکەری مامەڵە ئیداریەکان جێبەجێکردنیان بە شێوەیەکی خێرا و ماندوبونێکی کەم .
٣ .بەرزکردنەوەی توانای کارمەندان لە دامەزراوە.
٤ . ئاسانکاری بۆ مامەڵێکردن لەگەڵ فەرمانبەران و لەناو دامو دەزگاکاندا.
٥. دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی تێچوون و گەراندنەوەی کات.
٦.نەهێشتنی بەرتیل لە دامەزراوەکان.

## 4.2. جۆرەکانی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی:


**چەندین جۆر بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی هەیە و وەزارەت بە گشتی یەکێکە لەم بەشانە:**

١. **وەزارەتی ئەلیکترۆنی:** ئەو وەزارەتانە دەگرێتەوە کەوا کاروبارەکانیان بەشێوەی ئەلیکترۆنیە.

٢.**حکومە تی ئەلیکترۆنی :**تایبەتە بەو دەوڵەت و ناوچانەی کەوا حکومە تەکەی رووچونە بەرەو ئەلیکترۆنی و تەواوی دامەدەزگاکان ئەلیکترۆنین.

٣.**بازرگانی ئەلیکترۆنی :**تایبەتە بە کاروباری بازرگانی کە ئەم جۆرە زیاتر تاکێک ئەنجامی دەدات کە پێی دەگوترێ بازرگان.

٤.**کۆمپانیا ئەلیکترۆنی :**ئەو دامەزراوانە دەگرێتەوە کەوا بازرگانین و زیاتر فەرمانگەی ناحکومییە کان دەگرێتەوە .




شێوەی (٢,٢)

(سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە)

## تەوەری دووەم :ئەدای کارکردن

### 1.3 تێگەیشتن لە ئەدای کارکردن:

لە ماوەی تەوەری داهاتوو باس لە ئەدای کارکردن دەکەیــن،کەوابریتییە لە پرۆسەیەک کە لەلایەن بەڕێوەبەرەکانەوە ئەنجام دەدرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە سەرچاوەکان بە شێوەیەکی کاریگەر و کارا بەکاردەهێنرێن بۆ گەیشتن بە ئامانجە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکانی کۆمپانیاکە.

### 2.3 پێناسەی ئەدای کارکردن:

"ڕەنگدانەوەی چۆنیەتی بەکارهێنانی سەرچاوە دارای و مرۆییەکانی ڕێکخراوەکەیە بەشێوەیەک کە بتوانرێ ئامانجەکانی بەدەست بهێنرێت(الحسینــــی،٢٠٠٠،٢٣١)

"نیشاندەرێکی سەرەکییە بۆبەکارهێنانی سەرچاوەی بەردەست مرۆیی و زانیاری و ماددی بۆ پڕکردنەوەی ئارەزوو پێداویستیەکانی کارمەندان و بەرزکردنەوەی لایەنی مەعنەوی.(الشامـــــع،وعمـــود،٣٣٠،٢٠٠٠)

وەهەروەها"بەکارهێنانی سەرچاوە بەردەستەکان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان بەکارامەی و لێهاتووی (draft1992:1 )

### 3.3 گرینگی و لایەنی باشی ئەدای کارکردن:

**هەندێک لەگرنگیەکانی ئەدای کارکردن ولایەنی باشی ئەدای کارکردن:**

١ .یارمەتی بەرێوەبەرەکان دەدات بۆدەست نیشانکردنی ئەنجامی باش.

٢.دابەشکردنی پەیکەری ڕێکخستن بۆ جێبەجێکردنی کارەکان.

٣. دیاریکردنی هەرەشەکان.

٤.بەکارهێنانی سەرچاوەکانی ماددی مرۆیی و زانیاری.

٥.ئاراستەکردن و تەرخانکردنی سەرچاوەکان.


## 4.3. جۆرەکانی ئەدای کارکردن:

**سێ جۆری ئەدای کارکردن هەیە:**

١.تاکەکەسی:واتە توانای تاک بۆ کاروبارەکان هەروەها تاچەند شارەزاییە.

٢.کرداری:واتە بەدیهێنانی ئامانج و کارکردن.

٣.ڕێکخراوەی:بەدەستهێنانی ئامانجی ستراتیژی.




(شێوەی ٣,٣)

(سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە)

## بەشی سێیەم :

### تەوەری یەکەم: لایەنی مەیدانی

### تەوەری دووەم: وەسفکردنی سنووری توێژینەوە

### تەوەری سێیەم:وەسفکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوە

### تەوەری چوارەم:هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوە و گریمانەکان

# بەشی سێیەم

## تەوەری یەکەم: لایەنی مەیدانی

### یەکەم:هەڵبژاردنی جێگیری فۆرمی راپرسی:

مەبەست لە فۆرمی راپرسی واتا هەمان ئەنجامی داوە ئەگەر لە جارێک زیاتر و لەژێر هەمان حالەت و مەرجدا دووبارە دابەش بکرێتەوە، وە ئەگەر گۆرانکاری لە ئەنجامە گەورەکەوە نەبێت ئەگەر دووبارە دابەشبکێتەوە بەسەر فەرمانبەرانی هەمان سنوور بۆ چەند جارێک لە ماوەیەکی دیاریکراودا، کە ئەم جێگیرکردنە بە هاوکۆڵکەی (الفا کرونباخ) کراوە کە ئەمەش پێوانەیەکی ئامارییە بۆ جێگیری برگەکان بەکاردێت کە هاوکۆڵکەی نێوان برگەکان نیشان دەدات، وە لەم توێژینەوە کارگێریەدا بەهای گەورەترو یەکسانی رێژە بریتیە لە (٠,٦) وە خشتەی (١) ئەنجامی هاوکۆڵکەی جێگیر روندەکاتەوە بۆ دەستەواژەی هەردووک گۆراوی توێژینەوە.

خشتەی(١) هاوکۆڵکەی جێگیر(الفا کرونباخ) بۆ دەستەواژەی هەردووک گۆراوی توێژینەوە

| تەوەرەکان | ژمارەی پرسیارەکان | پێوانەی الفا کرونباخ | ئەنجام |
|---|---|---|---|
| بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی | ١٠ | ٠,٨٦١ | جێگیرە |
| ئەدای کارکردن | ١٠ | ٠,٨٦٣ | جێگیرە |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٠,٨٦٢ | جێگیرە |

تێبینی لەسەرخشتەی(١)هاوکۆڵکەیجێگیر بە بەکارهێنانی شێوازی (الفا کروناخ) کە بەهای گشتی بۆ هەموو برگەکان و تەوەرەکان بۆ فۆرمی راپرسی بریتیە بریتیە لە (٠,٨٦١-٠,٨٦٣) وە بەهای زۆر بەرز بریتیە لە (٠,٦) وە ئەمە ئاماژە بەوە دەکات جێگیری لە هەموو تەوەرەکانی فۆرمی راپرسیە ، کە ئەمەش بە بەکارهێنانی شێوازی (الفا کرونباخ) بۆ فۆرمی راپرسی بە شێوەیەکی گشتی (٢٠) برگە یەکسانە بە (٠,٨٦٢) وە ئەمەش بەهایەکی بەرزە ئاماژە بەوە دەکات کە هەموو برگەکانی فۆرمی راپرسی جێگیرە بە شێوەیەکی گشتی.

## دووەم: ئامرازەکانی ئامار:

کۆمەڵێک پێداویستی ئاماری بەکارهاتووە وەکـ(SPSS-IBM v.28) (Excel-2016)کە ئەمەش کورتکراوەی بەرنامەی (Statistical package of social sciences) بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەی ئیستا دەکات و گریمانەکان تاقیدەکاتەوە، وە ئەم ئامرازانەش دابەش دەبن بۆ ئەمانەی خوارەوە:

١-پێداویستی تایبەت دەستنیشانکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوە وە پێشکەشکردن و گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامە سەرەتایەکان وەک:

- دابەشکردنی دووبارەبوەکان .
- ڕێژە سەدیەکان و وسط الحسابي.
- الانحراف المعياري .
- هاوکۆڵکە جیاوازەکان و نسبة الاتفاق .

٢.شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان (person correlation) :بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی هێز و سروشتی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان، وە هەروەها بەکاردێت بۆ دیاریکردنی هاوسەنگی نێوان برگەکانی توێژینەوەکە .

٣.شیکردنەوەی کاریگەری نێوان گۆڕاوەکان(Simple Regression): بە مەبەستی ڕونکردنەوەی کاریگەرییەکانی نێوان دوو گۆڕاو، یەکێکیان تەفسیری ئەوەی تر وەڵامدەر.

## تەوەری دووەم

## پێناسەی سنووری توێژینەوە:

### پێناسەی سنوری توێژینەوە:


ئێمە وەکو توێژەران هەڵستاین بە وەرگرتنی بیرو بۆچونی فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی لە شاری هەولێر،ژمارەی فەرمانبەرەکان نزیکەی ٧٠ کەسە و زانیاریمان کۆکردۆتەوە دەربارەی (تەمەن،رەگەز،ساڵی خزمەت وبڕوانامە).

### 1.دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی رەگەز:

لەم خشتەیە بۆماندەردەکەوێت کە رێژەی نێر (٤٤٪) وە رێژەی مێ (٥٦٪) وە ئاماژە بەوە دەکات کە رێژەی (مێ) زۆرترین رێژەیە لەم شوێنە.وە شێوەی (١) ئەمە روندەکاتەوە.

خشتەی (٢)تاکەکان دابەش دەکات بەپێی رەگەز

| زانیاری گشتی | | دوبارەبونەوە | ٪ |
|---|---|---|---|
| رەگەز | نێر | ٢٣ | ٪٤٤ |
| | مێ | ٣٠ | ٪٥٦ |
| کۆی گشتی | | ٥٣ | ٪١٠٠ |




شێوەی(١) دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی رەگەز

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە بە پشتبەستن بە بەرنامەی ( Excel_2016 )

## 2.دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی تەمەن:


لەماوەی ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە کە لەسەر تەمەنی فەرمانبەرەکان لە سنوری لێکۆڵینەوەکە کراوە لە خشتەی (٣) رونکراوەتەوە کە رێژەی تەمەنی فەرمانبەرەکان لە نێوان (٣١-٤٠) کە بریتیە لە (٤٧٪) کە زۆرترین رێژەیە لەچاو ئەوانیتر ،کە ئەمرێژەیە ئەمە پشتراستدەکاتەوە کە زۆربەی ئەندامانی فەرمانگەکە پێگەیشتوون و تا رادەیەک گەورەن، کە یاماژە بە پێگەیشتن و هۆشیارییان دەکات لە مامەڵەکردن لەگەڵ برگەکانی پرسیارەکان، وە دواتر رێژەی تەمەنی(٢٠-٣٠) بریتیە لە (١٥٪) و وە رێژەی تەمەنی (٤١-٥٠) بریتیە لە (٢٨٪) وە رێژەی تەمەنی (گەورەتر لە ٥٠) بریتیە لە (١٠٪).

خشتەی (٣) دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی تەمەن

| زانیاری گشتی | | رێژەی دەبارەبونەوە | ٪ |
|---|---|---|---|
| تەمەن | ٢٠-٣٠ | ٨ | ١٥٪ |
| | ٣١-٤٠ | ٢٥ | ٤٧٪ |
| | ٤١-٥٠ | ١٥ | ٢٨٪ |
| | گەورەتر لە ٥٠ | ٥ | ١٠٪ |
| کۆی گشتی | | ٥٣ | ١٠٠٪ |

شێوەی(٢) دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی تەمەنیان

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە بە پشتبەستن بە بەرنامەی ( Excel2016 )



### 3.دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی ساڵی خزمەتکردن:


دابەشکردنی فەرمانبەرەکان لە سنوری توێژینەوە بەپێی ساڵی خزمەتکردن لە خشتەی (٤) ئەوە رونکراوەتەوە کە زۆرترین ساڵی خزمەتی فەرمانبەرەکان لە نێوان (١١-٢٠) ساڵ کە بە رێژەی (٥٨٪) بووە وە لە نێوان ساڵی (١-١٠) رێژەکەی (٢١٪) وە هەروەها لا نێوان ساڵانی (٢١ بەسەرەوە ) رێژەکە بریتیە لە (٢١٪) لە شێوەی (٣) ئەمە روندەکاتەوە.

خشتەی (٤) دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی ساڵی خزمەتکردن

| زانیاری گشتی | | رێژەی دوبارەبونەوە | ٪ |
|---|---|---|---|
| ساڵانی خزمەت | ١-١٠ | ١١ | ٪٢٠,٧ |
| | ١١-٢٠ | ٣١ | ٪٥٨,٦ |
| | ٢١ بەسەرەوە | ١١ | ٪٢١٠,٧ |
| کۆی گشتی | | ٥٣ | ٪١٠٠ |

شێوەی(٣) دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی ساڵی خزمەتکردن

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە بە پشتبەستن بە بەرنامەی ( Excel_2016 )



### 4. دابەشکردنی فەرمانبەرەکەن بەپێی بروانامە:


خشتەی (٥) ئەوە نیشاندەدات کە زۆرترین جۆری بروانامە بریتیە لە (بەکالیۆرۆس) لە کە ڕێژەکەی (٤٩٪) بە پلەی یەکەم دێت وە پلەی دووەم بریتیە لە (شەهادەی ئامادەی و خواروو ) ڕێژەکەی بریتیە لە (٢٦٪) وە دواتر بروانامەی (دبلۆم) بە پلەی سێیەم دێت کە ڕێژەکەی بریتیە لە (١٥٪) ، کە لە شێوەی (٤) رونکراوەتەوە.

خشتەی (٥) دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی بروانامە و ناونیشانی زانستی

| زانیاری گشتی | | ڕێژەی دوبارەبونەوە | ٪ |
|---|---|---|---|
| جۆری بروانامە | بێ شەهادە | ١ | ٪١,٨٦ |
| | شەهادەی ئامادەی و خواروو | ١٤ | ٪٢٦ |
| | دبلۆم | ٨ | ٪١٤ |
| | بەکالیۆرۆس | ٢٦ | ٪٤٩ |
| | دبلۆمی باڵا | ١ | ٪١,٨٦ |
| | ماجستێر | ٣ | ٪٥ |
| | دکتۆرا | ١ | ٪١,٨٦ |
| کۆی گشتی | | ٥٣ | ٪١٠٠ |

شێوەی(٤) دابەشکردنی فەرمانبەرەکان بەپێی ساڵی خزمەتکردن

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە بە پشتبەستن بە بەرنامەی ( Excel_2016 )



## تەوەری سێیەم:

## پێناسەی گۆراوەکانی توێژینەوە

### پێشەکی:

لەم ماوەی تەوەری سێیەمدا وەسفی گۆراوەکانی توێژینەوەکەمان دەکەین بە ناونیشانی (رۆڵی بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی لەسەر ئەدای رێکخراو لە شاری هەولێر) توێژینەوە لەسەر بیرو رای فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی ،ئەم پەرەگرافە کۆکراوە و پۆلێنکراوە بۆ ئەوەی پرۆسەیان بکەن لە شیکردنەوەی داتا پەیوەندیدار بە گۆراوەکانی توێژینەوەکە دەست پێدەکات، کە (SPSS-IBM v.28)– (Excel _2016) بەرنامەی تێدا بەکارهاتووە بۆ لێکدانەوەی رێژەی سەدی و ئامرازە بیرکاریەکان و ستاندارد و رێژەی رێککەوتن وگۆراوەکانی توێژینەوەکە و رێژەی رازیبوون بە برگەکان و پشتبەستن بەم بەشانەی سەرەوە ئەم بەشیەی خوارەوەمان بۆ روندەبێتەوە:

### یەکەم:-وەسفکردنی گۆراوەکان لە رەهەندی بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی:

خشتەی (٦) ئەوە پشاندەدات کە لێکدانەوەی رێژەی سەدی و ئامرازە بیرکاریەکان و ستاندارد و رێژەی رێککەوتن و گۆراوەکانی توێژینەوەکە و رێژەی رازیبوون بە برگەکان لە پرسیاری( ١ تاوەکوو ١٠ )پەیوەندیدارە بە بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی کە وسط الحسابي(تێکرای گشتی) بریتیە لە (٣,٣٤٥) وە ئەمە پشتراستکراوەتەوە کە نسبة الاتفاق  بریتیە لە (٦٨,٥٥٪) وە بە پێچەوەنەوە نسبة اللانحراف المعياري لە کۆی هەموو برگەکان بریتیە لە (١,٣٠٧).

دیارترین و زۆرترین خوازیاری برگە لە نێو  هەموو برگەکان بریتیە لە  برگەی ژمارە (٧) کە فەرمانبەرەکان بەرێژەیەکی زۆر لەسەری کۆکن کە برگەکە ئاماژە بەوە دەکات کە (بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی کەمکردنەوەی هەڵە لە کاروبارەکان) هەروەکوو رونبویەوە کەوا بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی کەمکردنەوەی هەڵە لە کاروبارەکان کە وسط الحسابي بریتیە لە (٤,١٠) وە بە هەماهەنگی لەسەر وەڵامەکەن نسبة الاتفاق بریتیە لە (٨٣,٥٪)  وە بە پێچەوانەوە الانحراف المعياري بریتیە لە (١,٠٧) .

وە بە پلە دوو لە دیارترین و بەرزترین رێژەی وەڵام لە نێو برگەکان بریتیە لە برگەی ژمارە (٨) کە ئاماژە بەوە دەکات کە (بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی ئەوەی کە کات بگەرێتەوە هەم بۆ فەرمانبەر  هەم بۆ سەردانیکەرەکان) کە فەرمانبەرەکان هەماهەنگن بە رێژەیەکی زۆر لەسەر  ئەوەی کەوا بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتۆ  هۆی کەمکردنەوەی بەفیرۆ چونی کات کە ئەم برگەیە وسط الحسابي بریتیە لە (٩٠.٣)  وە نسبة الاتفاق بریتیە لە (٨١,٣) وە بە پێچەوانەوە الانحراف المعياري بریتیە لە (١,٢٠).

وە بە پلە سێ لە دیارترین و بەرزترین رێژەی وەڵام لە نێو برگەکەن بریتیە لە برگەی ژمارە (١٠) کە ئاماژە بەوە دەکات (بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر چاڵاکیەکانی دامەزراوە) وەک ئەوەی کە دەردەکەوێت  کە بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی نەک تەنها لایەنی باش بەڵکو لەوانەیە ببێتە هۆی زیان بۆ فەرمانبەرەکان و دامەزراوەکە ، ئەم  برگەیە وسط الحسابي بریتیە لە (٣,٥٨) وە هەروەها نسبة الاتفاق بریتیە لە  وە بە پێچەوانەوە لانحراف المعياري بریتیە لە (١,٢٤).

خشتەی(٦) دابەشکردنی دووبارەبوەکان و ڕێژەی سەدی و ئامرازە بیرکاریەکان و ستاندارد و ڕێژەی ڕێککەوتن وگۆڕاوەکانی توێژینەوەکە و ڕێژەی ڕازیبوون بە برگەکان بۆ بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی

| پرسیارەکان | زۆر هاوڕام | | هاوڕام | | بێلایەن | | هاوڕانیم | | زۆر هاوڕانیم | | وسط حسابي | الأنحراف المعياري | نسبة الأتفاق | الترتيب |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تکرار | ٪ | تکرار | ٪ | تکرار | ٪ | تکرار | ٪ | تکرار | ٪ | | | | |
| 1.بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی ئاسانکاری لە ڕایکردنی کاروبارەکان. | ١٤ | ٪٢٤ | ٢٩ | ٥٤, ٪٧ | ٤ | ٧,٥ ٪ | ٥ | ٪٩,٤ | ١ | ١,٨ ٪ | ٣,٣٠ | ١,٢٠٠ | ٪٦٥,٤ | ١٢ |
| 2.بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی زیادبوونی لێهاتووی فەرمانبەرەکان. | ١٤ | ٪٢٤ | ٢٢ | ٤١, ٪٥ | ٥ | ٩,٤ ٪ | ٨ | ٪١٥ | ٤ | ٧,٥ ٪ | ٣,١٨ | ١,١٩٠ | ٪٥٩ | ٩ |
| 3.بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی دروستکردنی پەیوەندییەکی باش لە نێوان فەرمانبەرەکان و بەشەکان. | ١٠ | ٪١٩ | ٢٤ | ٪٤٥ | ١٠ | ١٩ ٪ | ٩ | ٪١٧ | سفر | سفر ٪ | ٣,١٥ | ١,٨٣ | ٪٦٧,٥ | ١٠ |
| 4.بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر فارمانبەرەکان. | ٦ | ١١, ٪٣ | ٣ | ٥,٦ ٪ | ١٤ | ٢٤ ٪ | ٢٩ | ٥٤,٧ ٪ | ١ | ١,٨ ٪ | ٣,٢٥ | ١,١٩٧ | ٪٦٠,٦ | ٥ |
| 5.بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی کەمکردنەوە خەرجییەکان کە بۆ جێبەجێکردنی کاروبارەکان تەرخانکرابوو. | ١٠ | ٪١٩ | ١٥ | ٪٢٨ | ١٢ | ٢٢, ٪٦ | ١٣ | ٢٤,٥ ٪ | ٣ | ٥,٦ ٪ | ٢,٩٠ | ١,٠٩٠ | ٪٧٠,٢ | ٣ |
| 6.بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی گەڕاندنەوەی بەشێک لە بودجەی دامەزراوە. | ١٥ | ٪٢٨ | ١٠ | ٪١٩ | ١٠ | ١٩ ٪ | ١٧ | ٪٣٢ | ١ | ١,٨ ٪ | ٣,١٠ | ١,٨٠ | ٪٦٣ | ٦ |
| 7.بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی کەمکردنەوەی هەڵە لە کاروبارەکان. | ١٢ | ٢٢, ٪٦ | ٢٧ | ٪٥١ | ٤ | ٧,٥ ٪ | ٩ | ٪١٧ | ١ | ١,٨ ٪ | ٤,١٠ | ١,٠٨ | ٪٨٣,٥ | ١١ |
| 8.بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی ئەوەی کە کات بگەڕێتەوە هەم بۆ فەرمانبەر هەم بۆ سەردانیکەرەکان. | ١٦ | ٪٣٠ | ٢٨ | ٥٢, ٪٨ | ٤ | ٧,٥ ٪ | ٤ | ٪٧,٥ | ١ | ١,٨ ٪ | ٣,٩٠ | ١,٢٠ | ٪٨١,٣ | ٧ |
| 9.بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی کەمکردنەوەی گەندەڵی . | ٧ | ٪١٣ | ١٠ | ٪١٩ | ١١ | ٢٠, ٪٧ | ١٨ | ٣٣,٩ ٪ | ٧ | ٪١٣ | ٢,٩٩ | ١,١٠٠ | ٪٦١ | ٢ |
| 10.بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر چاڵاکیەکانی دامەزراوە. | ٦ | ١١, ٪٣ | ٩ | ٪١٧ | ١٠ | ١٩ ٪ | ٢١ | ٣٩,٦ ٪ | ٧ | ٪١٣ | ٣,٥٨ | ١,٢٤ | ٪٧٤ | ٨ |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | ٣,٣٤ ٥ | ١,٣٠٧ | ٦٨,٥ ٪٥ | |

بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی(n=53)

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە بە پشتبەستن بە بەرنامەی(Excel-2016) (SPSS-IBM v.28 )

## دووەم :- وەسفکردنی گۆڕاوەکان لە ڕەهەندی ئەدای ڕێکخراو:

خشتەی (٦) ئەوە نیشان دەدات کەوا لێکدانەوەی ڕێژەی سەدی و ئامرازە بیرکاریەکان و ستاندارد و توێژینەوەکە و ڕێژەی ڕازیبوون بە برگەکان بۆ گۆڕاوی دووەم کە ڕێژەی ڕێککەوتن و گۆڕاوەکانی (ئەدای ڕێکخراو)ە دروستدەکەین کە وسط الحسابي(معدل العام) بریتیە لە (٣,٥٣٨) بەو مەرجەی بێلایەن بێت لەسەر ئەم تەوەرە و هەر ئەمەش دووپاتیکردەوە کەوا نسبة الاتفاق بریتیە لە (٦٠,١٪) وە بەپێچەوانەشەوە الانحراف المعياري لە کۆی هەموو برگەکان بریتیە لە (١,٢٤٨).

| پرسیارەکان | زۆر هاوڕام | | هاوڕام | | بێلایەن | | هاوڕانیم | | زۆر هاوڕانیم | | وسط حسابي | الأنحراف المعياري | نسبة الأتفاق | الترتيب |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تکرار | ٪ | تکرار | ٪ | تکرار | ٪ | تکرار | ٪ | تکرار | ٪ | | | | |
| 1.دامەزراوە حکوومییەکان گرینگیان داوە بە بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی. | ٨ | ٪١٥ | ٣٥ | ٪٦٦ | ٥ | ٩,٤٪ | ٣ | ٥,٧٪ | ٢ | ٣,٧٪ | ٤,٢٠ | ١,٢٣٥ | ٦٠,٢٪ | ١٠ |
| 2.دامەزراوە حکوومیەکان خۆیان گونجاندووە لەگەڵ سیستەمی نوێ کە ئەلیکترۆنییە. | ١٠ | ٪١٩ | ٣٣ | ٪٦٢ | ٧ | ٪١٣ | ٣ | ٥,٧٪ | ٥ | ٩,٤٪ | ٣,٩٤ | ١,١٨٢ | ٥٥,٤٪ | ٨ |
| 3.لە دامەزراوە حکومیەکان پاراستنی زانیارییەکانیان باشتربووە بەهۆی جێبەجێکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی. | ١٢ | ٪٢٢,٦ | ٢٦ | ٪٤٩ | ٦ | ٪١١ | ٦ | ٪١١ | ٣ | ٥,٧٪ | ٣,١٦ | ١,١١٦ | ٪٥٦ | ٥ |
| 4.هێڵی ئینتەرنێتی باش دابینکراوە بۆ جێبەجێکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی. | ١٠ | ٪١٩ | ١٨ | ٪٣٤ | ١١ | ٢٠,٧٪ | ٧ | ٪١٣ | ٧ | ٪١٣ | ٢,٩٥ | ١,١٧٣ | ٥٤,٥٪ | ٣ |
| 5.دامەزراوە حکومییەکان بەرەوپێشچونیان بەخۆیانەوە بینیوە بەهۆی جێبەجێکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی. | ١١ | ٪٢٠,٧ | ٢٨ | ٥٢,٨٪ | ٨ | ٪١٥ | ٥ | ٩,٤٪ | ١ | ١,٨٪ | ٣,٥٠ | ١,٢٥٠ | ٪٦٦ | ٧ |
| 6.حکومەت یارمەتیدەربووە لە جێبەجێ کردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی. | ١٣ | ٪٢٤,٥ | ٢٨ | ٥٢,٨٪ | ٥ | ٩,٤٪ | ٦ | ٪١١ | ٢ | ٣,٧٪ | ٣,٤٤ | ١,٢٢٠ | ٦٢,١٪ | ٦ |
| 7.فەرمانبەران ڕەزامەندییان هەیە لە جێبەجێکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی. | ١١ | ٪٢٠,٧ | ٢٦ | ٪٤٩ | ٩ | ٪١٧ | ٤ | ٧,٥٪ | ٣ | ٥,٧٪ | ٤,٠٣ | ١,٣٢٥ | ٦٩,٤٪ | ٣ |
| 8.خول و ڕاهێنان ڕۆڵی هەیە لە باشترکردنی توانای فەرمانبەر لە جێبەجێکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی. | ٢٣ | ٪٤٣ | ٢٠ | ٣٧,٧٪ | ٤ | ٧,٥٪ | ٤ | ٧,٥٪ | ٢ | ٣,٧٪ | ٣,٧٠ | ١,٢١٠ | ٪٥٩ | ٩ |
| 9.لە دامەزراوە حکومییەکان پێداویستی تایبەت بە بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی دابینکراوە بۆ فەرمانبەرەکان. | ٩ | ٪١٧ | ٢١ | ٣٩,٦٪ | ٧ | ٪١٣ | ١١ | ٢٠,٧٪ | ٧ | ٪١٣ | ٣,٤٠ | ١,٤٠٤ | ٥١,٨٪ | ١ |
| 10.فەرمانبەرەکان تێگەیشتنی تەواویان هەیە لەسەر بەڕێوەبردنی ئەلیکرۆنی لە دامەزراوە حکومیەکان . | ٥ | ٪٩,٤ | ١٩ | ٣٥,٨٪ | ١٠ | ٪١٩ | ١٤ | ٪٢٦ | ٥ | ٩,٤٪ | ٣,٠٤ | ١,٢٩٠ | ٦٠,٧٪ | ١١ |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | | | ٣,٥٣٨ | ١,٢٤٨ | ٦٠,١٪ | |

ئەدای ڕێکخراو (n=53)

سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە بە پشتبەستن بە بەرنامەی(SPSS-IBM v.28) (Excel_2016)

دیارترین برگە لە نێو هەموو برگەکان کە فەرمانبەرەکان زۆرینەیان هاوران لەسەری بریتیە لە برگەی ژمارە( ٧) کە برگەکە ئاماژە بەوە دەکات کە (فەرمانبەران رەزامەندییان هەیە لە جێبەجێکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی) هەروەکوو ئاشکرایە کە فەرمانبەرەکان زۆرینەیان هەماهەنگن لەسەر جێبەجێکردنی بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆ بەرزکردنەوەی ئەدای رێکخراو کە ئەم برگەیە وسط الحسابي بریتیە لە (٤,٠٣) وە هەروەها بە پێی بیروورای و وەڵامی فەرمانبەرەکان نسبة الاتفاق بریتیە لە (٦٩,٤٪) وە بە پێچەوانەوە الانحراف المعیاري بریتیە لە (١,٢٤٨).

وە برگەی (٥) کە ئاماژە بەوە دەکات ( دامەزراوە حکومییەکان بەرەوپێشچونیان بەخۆیانەوە بینیوە بەهۆی جێبەجێکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی) کە بە پلە دوو دێت لە برگەکان کە وسط الحسابي بریتیە لە (٣,٥٠) وە بەپێی وەڵانی فەرمانبەرەکان نسبة الاتفاق بریتیە لە (٦٦٪) وە بە پێچەوانەوە الانحراف المعیاري بریتیە لە (١,٢٥٠).

وە برگەی ژمارە (٦) کە ئاماژە بەوە دەکات (حکومەت یارمەتیدەربووە لە جێبەجێ کردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی) کە بە پلەی سێ دێت کە وسط الحسابي بریتیە لە (٣,٤٤) وە بە پێی وەڵامی فەرمانبەرەکان نسبة الاتفاق بریتیە لە (٦٢,١٪) وە بە پێچەوانەوە الانحراف المعیاري بریتیە لە (١,٢٢٠).

## تەوەری چوارەم

## هەڵبژاردنی مۆدێلی توێژینەوە و گریمانەکان

### پێشەکی :

لەم تەوەرە هەڵدەستین بە تاقیکردنەوەی گریمانەی توێژینەوەکەمان بۆ ناساندنی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی سەرەکی و لاوەکی، بۆ ئەم کارەش هەڵدەستین بە بەکارهێنانی پێکهاتەو شێوازەکانی ئامار بۆ شیکردنەوەی ئەم گۆڕاوانە وە ئەم تەوەرە پێک دێت لە دوو برگە تەوەری جیاواز کە بریتین لە :

**تەوەری یەکەم:** شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان(Correlation Analysis).

**تەوەری دووەم :**شیکردنەوەی کاریگەری نێوان گۆڕاوەکان (Regression Analysis).

### تەوەری یەکەم: شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوە

١.پەیوەندیەکی بەرچاو هەیە لە نێوان بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی و ئەدای کارکردن.

ناوەرۆکی ئەم پەیوەندییە لە تاقیکردنەوەی یەکەم گریمانەی سەرەکییە، کە دەڵێت ( بوونی پەیوەندییەکی راستەوخۆ و بەرچاو لە نێوان رەهەندی بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی و تێکەڵ کردن لەگەڵ رەهەندی ئەدای کارکردن لە رێکخراو).

وە لە پێناو ناساندنی پەیوەندی نێوان رەهەندی بەرێوەبردنی یەلیکترۆنی و رەهەندی ئەدای کارکردن خشتەی (٧) ئەوە روندەکاتەوە کە پەیوەندیەکی راستەوخۆ و کاریگەری نێوان بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی و ئەدای کارکردن هەیە، کە لە کۆی بەهای هاوکۆڵکە بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لە (٠,٩٨٠) کە لە ئاستی مەعنوبوە بەهای پێشبینی کراو بریتیە لە (**٠,٠٠٠) P-Value ئەمەش ئەوە روندەکاتەوە کەوا تا بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی باشتربکرێت لە جێبەجێ کردن کارای و ئەدای کارکردنی رێکخراو بەرز دەبێتەوە کە وا دەردەکەوێت پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان گۆراوی یەکەم و گۆراوی دووەم.

خشتەی (٧) هاوکۆڵکەی پەیوەندی نێوان بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی و ئەدای کارکردن

| متغير معتمد / متغير مستقل | ئەدای رێکخراو | بەهای پێشبینیکراو (P-value) |
|---|---|---|
| بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی | ٠,٦٤٥** | ٠,٠٠٠ |

n=53متغير مستقل (P-value<0.05) لە مستەوایەکی بەرزە

سەرچاوە لە لایەن توێژەرانەوە بە پشت بەستن بە ژمێریاری ئەلیکترۆنی بەرنامەی (SPSS)

## تەوەری دووەم : شیکردنەوەی کاریگەری نێوان گۆراوەکانی توێژینەوەکە

بۆ تەواوکردنی چارەسەرە میتۆدۆلۆژییەکانی گریمانەکانی توێژینەوەکە لەم تەوەرەدا کاریگەری نێوان گۆراوەکانی توێژینەوەکە دەدۆزینەوە ،کە دابەش دەبێت بۆ گریمانەی دووەم سەرەکی و گریمانەی لاوەکی وە کاریگەریەکە دیاری دەکرێت بە کاریگەری هێڵی سادە(Simple Linear Regression) .

لە خشتەی (٨) کاریگەری نێوان گۆراوەکانی توێژینەوەکە رونکراوەتەوە واتا کاریگەری بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی لەسەر ئەدای کارکردن ، پەیوەندی نێوانیان بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی لەگەڵ ئادای کارکردن بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەرە، کە بەهای (F) بریتیە لە (٢٦,٥٠) کە ئەمەش بەهایەکی بارزو کاریگەرە کە بەهاکەی بریتیە لە (P< ٠,٠٥)، وە بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی رێژەی (٤٠,١٪) کە رێژەیەکی جیاوازی لە ئەدای کارکردن رونکردەوە، کە ئەمەش بەهای هاوکۆڵکای بریاردان ($R^2$)، باهای هاوکۆلکەیی ئاماژە بەوە دەکات (B) کە کە برەکەی بریتیە لە (٠،٦٨٠)بۆ بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنیە بە تەنها بەڵام بەهاکەی بۆ ئەدای کارکردن بە نزیکەی بریتیە لە (٠,٦٨١)، لە کاتێکدا بەهای (t) بریتیە لە (٥,٠٢٥) کە ئەمەش بەهایەکی بەرزە کە مستەوایەکەی (P<٠,٠٥ )، بەڵام بەهای هاوکۆڵکەی(C) بەبێ زیادەرۆی بریتیە لە (٠,٥٣٢) بۆ بوونی ئەدای کارکردن تەنانەت ئەگەر بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی یەکسانیش ببێت بە سفر بەڵام کاریگەریەکەی هەر بێبایەخە چونکە بەهای ئەگەرەکە بریتیە لە (P>٠,٠٥) ، بەڵام گریمانەی دووەم قبوڵکرا.

خشتەی (٨) شیکردنەوەی کاریگەری رەهەندی بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی توێژینەوە لەسەر ئەدای کارکردن

| متغير معتمد / متغير مستقل | ئەدای رێکخراو | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ثابت C | $\beta$ | F | $R^2$ |
| بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی | ٥,٠٢٥<br>t (١,١١٠)<br>P-Value (٠,٢٨٥) | ٠,٦٨١.<br>t (٥,٠٥)<br>P-Value(٠,٠٠٠**) | ٢٦,٥٠<br>P-Value (٠,٠٠٠**) | %٤٠,١ |

n=53متغير مستقل(P-Value≤٠,٠٥)لە مستەوایەکی بەرزە

سەرچاوە : خشتە ئامادەکراوە لەلایەن توێژەرانەوە بە پشت بەستن بە ئەنجامی ژمێریاری ئەلیکترۆنی بەرنامەی SPSS

## بەشی چوارەم

**تەوەری یەکەم:دەرئەنجامەکان**

**تەوەری دووەم:پێشنیارەکان**

**تەوەری سێیەم: سەرچاوەکان**

## بەشی چوارەم

### تەوەری یەکەم: دەرئەنجامەکان :

**لە ماوەی ئەنجامدانی توێژینەوە گەیشتین بە چەند دەرئەنجامێک کە بریتین لە :**

١.بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی کاریگەری هەیە لەسەر ئەدای کارکردن لە سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی.

٢.بەهێز کردنی هاریکاری لە نێوان فەرمانبەرەکان و باشکردنی پەیوەندیان لەگەڵ رێکخراو،کارئاسانی و باشترکردنی کارای بەرێوەبردن.

٣.بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی کەمکردنەوەی خەرجی گشتی و حکومە تیش تارادەیەک هاوکاربووە لە جێبەجێکردنی سیستەمی بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی.

٤.خول و راهێنان رۆڵێکی باشی هەبووە لە شارەزای بوونی فەرمانبەران بە سیستەمی ئەلیکترۆنی.

٥.زیادکردنی شەفافیەت و لێپرسینەوە و بەرێوەبردنی کارەکان و نەرمی و قەبارەدان بە کارەکان.

٦.بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی مەرکەزیکردنی  بەرێوەبردنی داتاکان،ئەمەش وایکردووە کە فەرمانبەرەکان خولیای زیاتریان هەبێت بۆ کارەکان.

## تەوەری دووەم: پێشنیارەکان:

لە ماوەی ئەنجامدانی توێژینەوە هەندێک پێشنیارم بۆ دروست بوو بۆ باشتر کردنی ئەدای رێکخراو لەمانە:

١.پێویستە حکومە ت زیاتر گرینگی بدات بە بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی و بودجەیەکی تەواو دابینبکات بۆ ئەم سیستەمە.

٢.لە ماوەی ئەم توێژینەوە بۆمان بەدەرکەوت کەوا کێشەی ئینتەرنێت هەیە و پێویستە چارەسەر بکرێت لە سەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشکی.

٣.تاوەکو ئێستا ژینگەیەکی لەبار و گونجاو دابین نەکراوە پێویستە ژینگەیەکی گونجاو دابینبکرێت بۆ فەرمانبەرەکان تاوەکو ئەدای کارکردن لە رێکخراو بەرز ببێتەوە.

٤.پێویستە لەکاتی گۆرانکاری لە تەکنەلۆجیا خول و راهێنانیش بۆ فەرمانبەران هەبێت تاوەکو بگونجێن لەگەڵ گۆرانکاریەکان و ئەدای رێکخراو بەرز بکەنەوە.

٥.پێویستە هەموو پێداویستیەکانی بەرێوەبردنی ئەلیکترۆنی دابینبکرێت تاوەکو ئەم سیستەمە سەرکەوتوو ببێت.

## ليستى سەرچاوەكان:


١. (السالمي ، علاء عبد الرزاق ،2005، نظم دعم القرارات ،عمان ،دار وائل للنشر)

٢. (نجم،نجم عبود (٢٠٠٤)،الأدارة الاكترونية :الاستراتيجية والوظائف والمشكلات الرياض :المكتبة العصرية)

٣. (غازي فو ازن ضيف هلا العدوان : الإدارة العامة الإلكترونية و اثرها على النظام القانوني للمرافق العامة (دراسة مقارنة في النظام القانوني الأردني و الإماراتي)، اطروحة دكتوراه، جامعة العلوم الإسلامية العالمية، كلية الدراسات العليا، الأردن، 20 ، ص 17

٤. (بواسطة: محمد عادل ٢٠٢٣)

٥. تمت الكتابة بوسطة: كفاية العبادي (١٢ مارس ٢٠١٧)

٦. (يونس احمد حسن /بەرێوبەری سەرچاوە مرۆییەكان /سەرۆكایەتی زانكۆی هەولێری پزیشكی )(٢٠٢٣)

٧. رسول رضوان –ايمن هادي –احمد هادي (الادارة الإلكترونية و دورها في تحقيق النجاح التنظيمي – بحث التحليلي تطبيقي في المديرية العامة للتنمية الصناعية/العراق)(٢٩ تموز ٢٠١٨)

٨. (د.بختيار احمد شريف٢٠٢٢)

The impact of application of electronic management on the exchange students between the public universities of the Kurdistan region of Iraq

٩. (م.م.م. رياض عواد هالج٢٠٢١) (دور الإدارة الالكترونية في تحقيق النجاح الاستراتيجي : دراسة ميدانية في مديرية التربية في بغداد)

١٠. ( 2017. Khalid Adnan Bataineh) The impact of electronic management on the employee’s performance field study on the public organizations and governance in Jerash governorate)

١١. (2014 Abdelrazaq Salem F Alrahahle) The impact of e-management and the role of human resource development in improving the performance of the organization.

١٢. (Hakikur Rahman ,(2021),Ubiquitous Technologies For Human Development And Knowledge Management)

.

١٣ (Anglim,Christopher” Learning Resources Division:Government Information Guide:Government Agencies (8 Aug 2023)

١٤."International governmental organization TYPE OF ORGANIZATION", www.britannica.com, Retrieved 28-06-2019.

.
١
٥

Edenies, M. 2003, “ E-Management “: Center for Information and Communication research.

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
کۆلێژی تەکنیکی کارگێری/ هەولێر
بەشی تەکنیکی کارگێری کار

زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر
ERBIL POLYTECHNIC UNIVERSITY

## فۆرمی ڕاپرسی

### سڵاو و ڕێـــــز ...

ئەم پرسـیارنـامەیە تایبەتە بە توێژینەوەیەکی زانسـتی دەربارەی **(کاریگەری بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی لەسـەر ئەدای ڕێکخراو لە کەرتی حکومیە کان )** لە شـاری هەولێر، کە توێژینەوەیەکی شـیکارییە گوزارشـت دەبێت لە بیروبۆچونی فەرمانبەران لە سـەرۆکایەتی زانکۆی هەولێری پزیشـکی و کۆلێژی ئاداب لە زاکۆیی سـەلاحەدین کە توێژەران پێی هەڵسـاون وەک ئامادەکاریەک بۆ تەواوکردنی توێژینەوە و بەدەسـتهێنانی بروانامەی بەکالۆریۆس لە بواری تەکنیکی کارگێـری کار..
بۆ ئەم مەبەستە داواکارین ئەم پرسیارانەی خوارەوە بە ڕاستگۆیی و پشت بەستن بە ئەزموون و تێگەیشتنی خۆتان لە بواری کارکردن وەڵام بدەنەوە، سوپاس بۆ تەرخانکردنی کات و وەڵامدانەوەتان ...

### لەگەڵ ڕێـــــــزماندا

مامۆستای سەرپەرشتیار:
باریزە بدیع محمدامین

توێـــژەران:
إيمان نورالدين سيف الدين
هيلين صلاح عزيز
هدى هادي صالح

○ **<u>تەوەری یەکەم:</u> پرسیارە گشتی یەکان چەند پرسیارێکە تایبەتە بەو بەڕێزانەی کە پرسیارنامەکە پڕدەکەنەوە:**

هێمای (√) لەو شوێنە دابنێ کە بەگونجاوی دەزانیت:

- ڕەگەز : نێـر ☐ مـێ ☐
- تـەمەن: ٢٠ - ٣٠ ساڵ ☐ ٣١ - ٤٠ ساڵ ☐ ٤١ - ٥٠ ساڵ ☐ گەورەتر لە ٥٠ ☐
- ساڵانی خزمەت : ١ - ١٠ ساڵ ☐ ١١ - ٢٠ ساڵ ☐ ٢١ساڵ بەسەرەوە ☐
- بروانامە: بێ شەهادە ☐ شەهادەی ئامادەی و خواروو ☐ دبلۆم ☐ بەکالیۆرۆس ☐ دبلۆمی باڵا ☐ ماجستێر ☐ دکتۆرا ☐

○ **تەوەری دووەم:** **بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی ئەم تەوەرە تایبەتە بە بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی کە چ کاریگەریەکی هەیە لەسەر ئەدای کارکردن لە ڕێکخراوە حکومییە کان.**
هێمای(√) لەو شوێنە دابنێ کە بە گونجاوی دەزانیت:

| ژمارە | پرسیارەکان | زۆر هاورام | هاورام | بێلایەن | هاورانیم | زۆر هاورانیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | **ڕەهەندی یەکەم : ئەدای کارکردن** | | | | | |
| ١ | بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی ئاسانکاری لە ڕایکردنی کاروبارەکان. | | | | | |
| ٢ | بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی زیادبوونی لێهاتووی فەرمانبەرەکان. | | | | | |
| ٣ | بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی دروستکردنی پەیوەندییەکی باش لە نێوان فەرمانبەرەکان و بەشەکان. | | | | | |
| ٤ | بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر فارمانبەرەکان. | | | | | |
| | **ڕەهەندی دووەم:ڕۆڵی لایەنی دارایی** | | | | | |
| | **پرسیارەکان** | **زۆر هاورام** | **هاورام** | **بێلایەنم** | **هاورانیم** | **زۆر هاورانیم** |
| ٥ | بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی کەمکردنەوە خەرجییەکان کە بۆ جێیەجێکردنی کاروبارەکان تەرخانکرابوو. | | | | | |
| ٦ | بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی گەڕاندنەوەی بەشێک لە بودجەی دامەزراوە. | | | | | |
| | **ڕەهەندی سێیەم: ڕۆڵی لایەنی معنوی** | | | | | |
| | **پرسیارەکان** | **زۆر هاورام** | **هاورام** | **بێلایەنم** | **هاورانیم** | **زۆر هاورانیم** |
| ٧ | بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی کەمکردنەوەی هەڵە لە کاروبارەکان. | | | | | |
| ٨ | بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی ئەوەی کە کات بگەڕێتەوە هەم بۆ فەرمانبەر هەم بۆ سەردانیکەرەکان. | | | | | |
| ٩ | بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی بۆتە هۆی کەمکردنەوەی گەندەڵی . | | | | | |
| ١٠ | بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر چاڵاکیەکانی دامەزراوە. | | | | | |

- **تەوەری سێیەم :ئەدای کارکردن  ئەم تەوەرە تایبەتە بە ئەدای کارکردن کە تا چەند بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی کاریگەری هەیە لەسەر ئەدای کارکردن.**
- هێمای(√) لەو شوینە دابنێ کە بەگونجاوی دەزنیت:

| ژمارە | پرسیارەکان | زۆر هاورام | هاورام | بێلایەن | هاورانیم | زۆر هاورانیم |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **ڕەهەندی یەکەم: تەکنەلۆجیا** | | | | | | |
| ١ | دامەزراوە حکوومییەکان گرینگیان داوە بە بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی. | | | | | |
| ٢ | دامەزراوە حکوومیەکان خۆیان گونجاندووە لەگەڵ سیستەمی نوێ کە ئەلیکترۆنییە. | | | | | |
| ٣ | لە دامەزراوە حکوومییەکان پاراستنی زانیارییەکانیان باشتربووە بەهۆی جێبەجێکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی. | | | | | |
| ٤ | هێڵی ئینتەرنێتی باش دابینکراوە بۆ جێبەجێکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی. | | | | | |
| ٥ | دامەزراوە حکومییەکان بەرەوپێشچونیان بەخۆیانەوە بینیوە بەهۆی جێبەجێکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی. | | | | | |
| **ڕەهەندی دووەم:باشترکردنی کوالێتی گشتی** | | | | | | |
| | **پرسیارەکان** | **زۆر هاورام** | **هاورام** | **بێلایەن** | **هاورانیم** | **زۆر هاورانیم** |
| ٦ | حکومەت یارمەتیدەربووە لە جێبەجێ کردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی. | | | | | |
| ٧ | فەرمانبەران ڕەزامەندییان هەیە لە جێبەجێکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی. | | | | | |
| ٨ | خول و ڕاهێنان ڕۆڵی هەیە لە باشترکردنی توانای فەرمانبەر لە جێبەجێکردنی سیستەمی ئەلیکترۆنی. | | | | | |
| ٩ | لە دامەزراوە حکومییەکان پێداویستی تایبەت بە بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی دابینکراوە بۆ فەرمانبەرەکان. | | | | | |
| ١٠ | فەرمانبەرەکان تێگەیشتنی تەواویان هەیە لەسەر بەڕێوەبردنی ئەلیکرۆنی لە دامەزراوە حکومیەکان . | | | | | |